# بەلام دیسان دەنگم دا ... بێستون بەرواری

دوای چەند شەووچەند روژی شەری ناوخویی لە مێشکمدا (شەری ناوخویی بەبێ فەرمانی پارتی و یەکێتی) لە سەر ئەوەی لە هەلبژاردندا بەشداری بکەم یان نە، خەسلەتێکی رەسەنی کوردایەتی کە رقەبەری دوژمنانە و خوو فیداکردنە بو گەل و وولات، پالی پێوەنام منیش وەکو زوربەی زوری رولەکانی گەلی کورد پەنجەی دەستم مور بکەم لەگەل ئەوەی دەزانم کە هەرنەبێ تاکو رەنگەکە لەسەر پەنجەم مابێ شەر لە مێشکمدا بەردەوام دەبێ و دوای نەمانی رەنگیش وەکو شەری هەردوو ئیدارەی کوردستان شەرەکە بە شێوەی تر هەربەردەوام دەبێت.

من دەنگم دا تەنیا وتەنیا لە رقی دوژمنانی گەلی کورد، بو یەکێتی ریزی کورد بەرامبەر دوژمنان، هەرچەندی کێشەمان هەبێت لە ناو خوودا. من دەنگم دا نەك بو ئەوەی دلم خووشە کە کورد لەناو پەرلەمانی عیراقدا بەهێز دەبیت چونکە بروام بە عیراق نیە و پەرلەمانەکەش هەر دیکورێکی ناشرین بووە وهەرواش دەبێت. من دەنگم دا هەرچەند دەزانم وبروام وایە نوێنەرانمان لەو پەرلەمانە وەك ئەوانەی پێشوو تەنیا دەتوانن دەست بەرز بکەن بو ژمارتن نەك بو دەنگ بەرز کردن. من دەنگم دا هەرچەندە بینیم چون ئەوپەرلەمانە کەرکوك و شەنگار و شێخانی لە کوردستان دزی و بە فیتەی عمرو موسای عەرەب کوردستانی کردە بەشێك لە عەرەبستان.

من دەنگم دا هەرچەندە دەزانم دووحیزبە دەستهەلاتدارەکە بەپێی رێککەوتنێکی دووقولی کورسیەکانیان دابەش کردووە و لە جیاتی فیفتی فیفتی چل بە چلیان داناوەو پاشماوەکەیەیان بو دەروێشەکانی خویان داناوە، و کورسییان بو خەلکێك داناوە ئیهانەی سرودی پیروزی ئەی رەقیب دەکات و بە کوفری دەزانێت.

من دەنگم دا ودەزانم لە پەرلەمان و حکومەتی هەلبژێرراو دا کورد ناچارە یان لەگەل عەللاوی کونە بەعسی و جەماعەتەکەی فەللوجەی کورد کوژ یان لەگەل ئایەتوللا شیعەکان کە لە جمهوری ئیسلامی راچێتی چارەسەری نەتەوەیی وەردەگرن ببنە هاوکارووهاوپەیمان.

من دەنگم دا هەرچەندە دەزانم دەنگی من وەکو ئەو نزیکەی دوو ملیون دەنگەی لە رێفراندومدا دەنگیان بو سەربەخوویی کوردستان دا هیچ رێز و حورمەتێکی نیە. ئەگەر رێز لە دەنگی کورد گیرابایە کوردستان نەدەبوو بە دوو حکومەت و هەردوو حکومەتەکەش بە حکومەتی عەرەبییەوە نەدەبەسترانەوە.

بەلێ من و ملیونانی وەکو من دەنگیان دا بو رێبەرانی کورد کە ئەمجارەش بەهێزبن ولەناو دوژمنانمان سوك نەبن. هەرچەندە گومانم هەیە بەلام ئومێدوارم رێبەرانمان ئەم جارە هەست و دەنگی گەلەکەیان پشت گوێ نەخەن و لە دەرەوەی بازنەی حیزبایەتی ی دەوروبەری خویان تەماشای داخوازوبووچوونی کوردان بکەن. بەرژەوەندی کورد پێشی بەرژەوەندی حیزبی و کەسایەتی بگرن، کوردایەتی بەهێزتربێت لە عیراقچیەتی، وپشت بە هێزی گەل ئەوەی لە دلدایە لەسەر زمان بێت، سەربەخویی دروشم بێت و لەبەرانبەر دوست و دوژمن بەرز بکرێت وچیتر موجامەلەی نەیاران نەکرێت،

سوێد /سالا 2005/12/23
pirmosa@hotmail. com